# دەوروبەری زمانی

# لێکۆڵینەوەیەکی سینتاکسی – پڕاگماتیکییە

**پ.ی.د.بەکر عومەر عەلی– د.ئازاد ئەحمەد حسەین/ زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێجی زمان/ بەشی کوردی**

پێشەکی:

ناونیشان و سنوری لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (دەوروبەری زمانی)یەوەیە، لێکۆڵینەوەیەکی پڕاگماتیکی – سینتاکسییە، هەوڵدانێکە، بۆ لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی هەندێك دیاردەی سینتاکسی، پەیوەست بە دەوروبەرەوە، کە بنەمایەکی سەرەکی و گرنگیی پڕاگماتیکە.

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە لە ئاخاوتنی ئێستای شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراوە، واتە لێکۆڵینەوەکە لە سنوری ئەو شێوەزارەدایە.

گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە سینتاکس بەگشتیو هەندێك بابەت بەتایبەتی، بەبێ دەوروبەر، دەشێت کارێکی ناتەواو بێتو لە زۆر باریشدا بێ ئەنجام بێت. لە سەرچاوە ڕێزمانییە کوردییەکاندا بەگشتی، لێکدانەوە سینتاکسییەکان بە دەوروبەرەوە پەیوەست نەکراون، لەبەرئەوە زۆر بابەت شیکردنەوەیان بۆ نەکراوەو تەمومژاویو لێڵن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو پەیوەست کردنە بەرچاو دەکەوێت، ئەمەیش شێوازێکی جیاوازو تایبەتی بە لێکۆڵینەوەکە بەخشیوە، کە لە کارەکانی پێشتر جیای دەکاتەوە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم باسەدا ڕێبازی وەسفی گیراوەتە بەر، نمونەکان لە ئێستای ئاخاوتنو فەرهەنگی کوردی دان.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ڕستە وەك هێمایەك بۆ بیری مێشکی مرۆڤ، دوو دیوی هەیە، کە فۆڕم و واتان. واتای هەندێك ڕستە، لە سنوری خۆیدا لێکدەدرێتەوە، واتە کەرەستە پێکهێنەرەکانی، لە توانایاندا هەیە بیرێك بە ڕوونی بگەیەنن، هاوکات کۆمەڵێك ڕستەی تر، بە هاوکاریی دەوروبەر، واتاکانیان دەزانرێتو لێڵی لای مرۆڤ دروست ناکات، ئەمە جگە لە بوونی ژمارەیەك کەرەستەی هاوبێژی زمانی، کە بۆ زانینی واتا، یان ئەرکیان، دەوروبەر پێویست

دەبێت،...هتد.

ئەمانە لەو هۆکارانەن، زەمینەیان خۆشکرد، بۆئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕوانگەی دەوروبەرەوە ئەنجام بدرێت.

بیروبۆچوونی دەوروبەر لە سالآنی سییەکاندا سەریهەڵدا، کاتێك گرنگی بە کۆمەڵ و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی درا، کە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی زمانەوە لە ئەندامانی کۆمەڵەکەی بگاتو تێیان بگەیەنێت. بەتایبەتی لە سەردەمی (مالینۆفسکی) و (فێرث)، ڕێبازی دەوروبەر زیاتر پەرەی سەندو بایەخی پێدرا. چەند زمانەوانێکی تریش، وەك (هالیدەی، ڕۆبینز، بازل، کاتزو ڤۆدر)، بەرهەمیان دەربارەی ئەم بابەتە نوسیوە[١].

بەشێکی زۆر لە واتای وشەو ڕستە بە دەوروبەرەوە پەیوەست دەبێت، لەبەرئەوە بەپێی بیردۆزی دەوروبەر واتای وشە "لە ئەنجامی بەکارهێنانی لە زماندا دیاری دەکرێت"[٢]. وشە کاتێك پەیوەندیی لەگەڵ وشەی تردا لە دروستەی فرێزو ڕستەدا پەیدا دەکات، واتاکەی دەستنیشاندەکرێت، بۆیە وتوویانە: "بەدوای واتای وشەدا مەگەڕێ، بەڵکو بەدوای بەکارهێنانەکەیدا بگەڕێ"[٣]. یان: "ئەو دەوروبەرەم بدەرێ، کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە، واتاکەت دەدەمێ"[٤].

کەواتە دەوروبەر تاکە ڕێگایەکە، کە واتای فەرهەنگیو واتای مەبەست (سیاق) ڕووندەکاتەوە، چونکە وشە وەك دانەیەکی زمان، خاوەنی ئەو دوو جۆرە واتایەیە. هەندێك زمانەوان ڕایانوایە، کە "مرۆڤ بە تەواوی ناتوانێت لە واتای وشەیەکی تاك، یان تەنیا بگات، کاتێك کە دادەبرێت لەو وشانەی، کە پەیوەندیی پێیانەوە هەیە، چونکە وشەکانی تر، واتای وشەکە ڕووندەکەنەوە"[٥].

بۆ نموونە وشەی (دەم) واتاکەی ئاشکراو ڕوون نییە، بەڵام کاتێك لە سنوری فرێزی ناویدا، دەبێتە هاوڕێی وشەی ترو پەیوەندیی دروست دەکات، واتاکەی ڕوون دەبێتەوەو مرۆڤ لێی تێدەگات، وەك:

دەمی گیاندار

دەمی بەیانی

دەمی چەقۆ

... هتد.

کەواتە دەوروبەر هۆکارێکە، کە تەمومژی لەسەر هێما زمانییەکان لادەباتو لە تاریکییەوە بۆ ڕوونی دەیانگوێزێتەوە.

(چۆمسکی) ڕای وابوو، کە ڕستە کاتێك دەبێتە کەرەستەی لێکۆڵینەوە، کە لە دەوروبەر دابرێت، چونکە بەستنەوەی وشە، یان ڕستە بە دەوروبەرەوە، چەندین واتای جیاوازی لێدەکەوێتەوە، کە لە فەرهەنگدا نییانە، یان فەرهەنگی نین[٦].

---

1 عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد، (١٩٩٠: ٤٠).

2 أحمد مختار عمر، (١٩٨٨: ٦٨).

3 د. نور الهدى لوشن، (١٩٩٥: ٩٨).

4 جون لاينز، (١٩٦٨: ٢٣).

5 جون لاينز، (١٩٨٧: ٨٣).

6 نعوم جومسكى (١٩٨٥: ٧-٨).

بۆ نموونە کرداری (شکا) لەم ڕستانەی خوارەوەدا، واتای جۆراوجۆر دەگەیەنێت، چونکە لە دەوروبەری جیاوازدا دەرکەوتووە هاوڕێیەتی لەگەڵ، بە واتایەکی تر، یەك واتای فەرهەنگی، بەرامبەر بە چەند واتایەکی دەوروبەری (سیاقی) هەیە:

| | | |
|---|---|---|
| – پەنجەرەکە شکا. | (واتا فەرهەنگییەکەیەتی) | |
| – دڵم شکا. | (واتای عاجزبوون دەگەیەنێت.) | |
| – ترسی شکا. | (غیرەت پەیداکردن) | واتا دەوروبەرەکانی |
| – شەرمی شکا. | (ڕووکرانەوە) | کرداری (شکا) |

دەوروبەر چەمکێکی فراوانەو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، لە ئێستاو ڕابردوودا، دەوروبەر بۆ لێکدانەوەی واتا گرنگییەکی زۆری هەیەو خاڵێکی گرنگیی جیاکەرەوەیە لەنێوان سیمانتیكو پراگماتیکدا[٧].

قوتابخانەی لەندەن، بە ڕێبازی دەوروبەر (Contextual Approach)، یان ڕێبازی کارەکی (Operational Approach) ناسراوە[٨]، ڕابەری ئەم ڕێبازە (فێرث)ە، کە جەختێکی زۆری کردووەتە سەر ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان، ڕاوبۆچوونی بەو شێوە بوو، کە وشەی تەنیا واتای نابێت، ئەگەر لەناو دەوروبەری ڕستەدا دانەنرێت.

لایەنگرانی بیردۆزی دەوروبەر، جەخت لەسەر دەوروبەرە زمانییەکان دەکەن، کە تێیاندا بەپێی پێویستیی دەق، وشەکان بەیەکەوە دەبەسترێن، لە ئەنجامدا واتاو مەبەستی وشە دەردەکەوێت. "لەبەرئەوە لێکۆڵینەوەی واتای وشە، دەوروبەرو بارودۆخ دەکات، کە وشەی تێدا دێت، تەنانەت ئەگەر دەوروبەرەکە نازمانیش بێت"[٩].

لەم ڕوانگەیەوە، واتای وشە یەکسان دەبێت بە ژمارەی ئەو دەوروبەرانەی، کە تێیدا بەکاردێتو دەردەکەوێت، بەواتایەکی تر یەکسان دەبێت بە دابەشبوونە زمانییەکانی ئەو وشەیە. (Distribution Linguistic).

جۆرەکانی دەوروبەر:

(K. Ammer) دەوروبەری بۆ چوار جۆر پۆلکردووە[١٠]:

١- دەوروبەری ڕۆشنبیری: Cultural Context

ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بەهەمان فۆرم لەنێوان چەند زانستێکدا هاوبەشنو بەکاردێن، بەواتای جیاواز، بۆنموونە (ڕەگ) لە زانستەکانی (زمان، بیرکاری، کشتوکاڵ، پزیشکیی دان) واتاو مەبەستی جۆراوجۆر دەگەیەنێت. ئەم دەوروبەرە، لەگەڵ دەوروبەری زمانیدا یەکدەگرێتەوەو تێکەڵ دەبێت.

---

7 **بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: د.عەبدولواحید موشیر دزەیی**، (٢٠١١: ٢٨-٣٢).

8 **أحمد مختار عمر**، (١٩٨٨: ٥-٨).

9 **سەرچاوەی پێشوو**، ١٩٦.

10 http://salahkayed.arabblogs.com/archive/2009/4/845913.html

٢- دەوروبەری دۆخ (بار): Situational Context

زانیارییە هاوبەشەکانی نێوان قسەکەرو گوێگرو شتە دەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە بابەتو کاریگەرییە دەرەکییەکان لەسەر بابەتو کاتو شوێن دەگرێتەوە، واتە هۆکارە نازمانییەکان.

٣- دەوروبەری سۆزداری: Emotional Context

سروشتی بەکارهێنانی وشە، لەنێوان واتا بابەتییەکەی (کە گشتییە) و واتا سۆزدارییەکەی (کە تایبەتە) دیاری دەکات، پلەی هێز و لاوازی لە هەڵچووندا، لەگەڵ جەختو زیادەڕۆیی دەستنیشاندەکات. ئاوازەو ڕیتمی دەنگ، واتای هەڵچوونی و سۆزداریی وشەکان ڕووندەکاتەوەو واتاکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە دەنوێنێتو دەخاتە ڕوو.

هێماکردن و جوڵاندنی بەشێك لە ئەندامانی جەستەی مرۆڤ، لەم دەوروبەرەدا بەکاردێنو گرنگییەکی تایبەتی لە بەرجەستەکردنی واتا هەڵچوونییەکاندا هەیە.

٤- دەوروبەری زمانی: Linguistic Context

ئەم جۆرە دەوروبەرە، ناوەرۆك و کرۆکی لێکۆڵینەوەکەیەو لە ڕێزماندا (بەتایبەتی لە ڕستەسازیدا) بەوردی تیشکی خراوەتە سەرو ڕوونکراوەتەوە.

مەبەست لەم دەوروبەرە، بەکارهێنانی وشەیە لەناو سیستمی ڕستەدا، کە لەگەڵ وشەی تردا دەبێتە هاوسێو دەکەوێتە دەوروبەرەوەو واتایەکی تایبەتی بەدەست دەهێنێت. واتای دەوروبەر لە واتای فەرهەنگی جیاواز دەبێت، چونکە واتای فەرهەنگی، واتایەکی بڵاو و جێگیرەو ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەرە، بەڵام ئەو واتایەی دەوروبەری زمانی دەیگەیەنێت، دیاریکراوەو سنورێکی ئاشکراو تایبەتمەندییەکی دیاری هەیەو گشتگیر نییەو مەرج نییە ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەر بێت[١١].

دەوروبەری زمانی، دەوروبەری (دەنگی، وشەسازی، ڕستەسازی، فەرهەنگی) دەگرێتەوە. لە بۆچوونی تەقلیدیدا، ڕێزمان بۆ (وشەسازی و ڕستەسازی) پۆلکرابوو، بەڵام لە بۆچوونی نوێدا، پێکهاتەکانی ڕێزمان (دەنگسازی، ڕستەسازی، وشەسازی، واتاو واتالێکدانەوە)[١٢]ن. کەواتە دەوروبەری زمانی (ڕێزمان و فەرهەنگ) دەگرێتەوە.

دەوروبەری دەنگی:

مەبەست لەم دەوروبەرە، ئەو وشانەن، کە تەنیا لە یەك فۆنیمدا جیاوازن و فۆنیمەکانی تریان وەك یەك وان (واتە هاوبەشن). ئەو فۆنیمە جیاوازە دەبێتە دەوروبەر بۆ فۆنیمەکانی ترو بەهۆیەوە واتای وشەکان دەگۆڕێت. واتە ئەم دەوروبەرە بەهۆی فۆنیمێکەوە دروست دەبێت. بۆ نموونە فۆنیمەکانی /ا، ر/ بەپێی ئەو دەوروبەرانەی، کە تێیدا دەردەکەون، وشەی جیاواز دادەڕێژن، وەك:

---

[11] د.نسیم عون، (٢٠٠٥: ١٥٩).

[12] د.محەمەدی مەحوی، (٢٠٠١: ١).

پار، یار، دار، کار،...هتد.

لەو وشانەدا، فۆنیمەکانی /پ، ی، د، ک/، دەوروبەرە دەنگییەکەیان پێکهێناوە.

جگە لەم دەوروبەرە، هێزو ئاواز دەوروبەری دەنگی دروست دەکات، چونکە بە گۆڕینی هێزو ئاواز، واتای جیاواز دێتە ئاراوە، وەك لەم نموونانەدا ڕوونکراوەتەوە:

وشەی (نوستن)، ئەگەر هێز لەسەر دوابڕگەی بێت، کە (تن)ە، واتای (ناوی ڕووداو) دەگەیەنێت، بەڵام بە گواستنەوەی هێزەکە بۆ سەر بڕگەی یەکەم (نوس)ە، واتای (کردارێك، یان ڕووداوێك) دەبەخشێت. یان ڕستەیەکی وەك (هاتیت) بەپێی گۆڕینی ئاوازی دەنگ، ناوەڕۆکی جۆراوجۆر نیشاندەدات وەك (هەواڵگەیاندن، پرسیاری، سەرسوڕمان).

دەوروبەری وشەسازی:

(باوەر) وشەسازی بۆ دوو لقی سەرەکی پۆلدەکات، کە (گەردانکردن، وشەڕۆنان)ن[13]، وشەسازیی گەردانکردن باسی فۆڕمەکانی وشەیەك دەکاتو وشەڕۆنانیش باسی دروستبوونی وشەی نوێ دەکات. هەردوو لقەکەی وشەسازی، پەیوەست بە دەوروبەرەوە، ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن. کەواتە دەوروبەری وشەسازی بەگشتی، دەرکەوتنی مۆڕفیمە بەندەکان، یان سەربەستەکانن لە دەوری وشەیەکی فەرهەنگیدا، کە لە ئەنجامدا وشەکە واتایەکی ڕێزمانی، یان واتایەکی فەرهەنگیی نوێ بەرهەم دەهێنێت. بۆ نموونە: وشەیەکی وەك (کتێب) بەپێی دەوروبەرە سینتاکسییەکەی، واتە ئەو مۆڕفیمانەی کە لە سینتاکسدا وەریاندەگرێت، واتای هەمەچەشنەی ڕێزمانی دەگەیەنێت، کە فۆڕمە جیاوازەکانی وشەکە دەخەنە ڕوو:

(کتێبەکە، کتێبێك، کتێبەکان) ← (وشەسازیی گەردانکردن)

واتا ڕێزمانییەکانی وشەکە بەمجۆرەن:

لە یەکەمیاندا، یەك کتێب، بەڵام بە ناسراوی، لە دووەمیاندا یەك کتێب بە نەناسراوی، لە سێیەمیاندا زیاتر لە کتێبێك بە ناسراوی.

یەکێك لە بیرە هەرە گرنگەکانی (سۆسێر) ئەوەیە، کە زمانی مرۆڤ پەیڕەوێکی هێمایی تاریکو لەخۆوەیە[14]. واتە لێڵن، بەڵام بەهۆی وشەسازیی داڕشتنەوە، واتاکانیان لە کوردیدا ڕووندەبێتەوە. کەواتە دەوروبەری وشەسازیی هۆکارێکی گرنگە، وشە فەرهەنگییە تاریکەکان بەرەو ڕوونی دەبات، بەهۆی سێ ڕێگاوە[15]:

١- داڕشتن: بە زیادکردنی گیرەك (پاشگر، یان پێشگر)، بۆ نموونە وشەکانی (نەرم، ڕەق) لە بنەڕەتدا تاریکن، بەڵام واتای وشەکانی (نەرمایی، ڕەقایی) ڕوونترە.

٢- لێکدان: خستنەپاڵ یەکتری دوو وشە، یان زیاتر، بۆ نموونە وشەکانی (دەست) و (کێشان) واتاکانیان تاریکن، بەڵام لە وشەی لێکدراوی (دەستکێش)دا، واتاکە ڕوونترە.

---

[13] Bauer (1983:34).

[14] د.محەمەد مەعرووف فەتاح (٢٠١٠: ١٢٠).

[15] لە دیاریکردنی ئەو ڕێگایانەدا، سودم لە سەرچاوەی پێشوو، (ل١٢١) وەرگرتووە.

٣- بەهۆی تێکەڵکردنەوە: بۆ نموونە واتای (زانین) و (کۆکردنەوە) تاریکن، بەڵام لە وشەی (زانکۆ)دا، کە بریتییە لە کرتاندنی چەند دەنگێك و تێکەڵکردنی دەنگە پاشماوەکانی ئەو دوو وشەیە، واتاکە بەڕوونتر دادەنرێت.

دەوروبەری ڕستەسازی:

گرنگترینو فراوانترین دەوروبەری ڕێزمان، یان زمانە بەگشتی، چونکە دانەی زمانیی زۆری تێدەکەوێتو دەوروبەرە دەنگیو وشەسازییەکان لەخۆدەگرێتو دیاردە زمانییەکان بەگشتی لەم دەوروبەرەدا ڕوودەدەن. لەلایەکی تریشەوە، جۆرەکانی تری دەوروبەر، وەك (بار، ڕۆشنبیری، سۆزداری)، لەم دەوروبەرەدا بەرجەستە دەبنو تێکەڵی دەبن.

ڕستەسازی لێکدانو خستنەپاڵ یەکی کەرەستەکانی زمانە، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو ڕۆنانانەی، کە لە زماندا پەسەندن، لە ئەنجامدا واتاو ئەرکی کەرەستەکان دیاری دەکرێتو لە لێڵیو تاریکییەوە بەرەو ڕوونیو ئاشکرایی دەڕۆن.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەوروبەری ڕستەسازیی، بۆ دەوروبەری فرێزیو ڕستەیی پۆلکراوە.

دەوروبەری فرێزی:

هەر کەرەستەیەکی زمانی، بتوانێت ئەرکێکی ڕستەسازی لەناو ڕستەدا ببینێت، ئەوا فرێزێك پێکدەهێنێت، سادەترین ڕستە، لە فرێزێکی ناویو فرێزێکی کرداری پێکدێت[16]. فرێزی ناوی، ناوێك بەتەنیا، یان بە یاریدەی دەرخەر پێکی دەهێنێت. دەرخەر لە فرێزی ناویدا، زانیاریو ڕوونکردنەوە لەبارەی ناوەکەوە (دەرخراوەوە) دەخەنە ڕوو، لە ئەنجامدا ئەگەر دەرخراو واتای جۆراوجۆری هەبوو، ئەوا واتاکانی ڕووندەبێتەوە، واتە دەوروبەری فرێزیی ناوی، هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ڕوونیی هێما زمانییەکان، چونکە مەرج نییە هەموو کەرەستە زمانییەکان تەنیا لە دەوروبەری وشەسازیدا، واتاکانیان ڕوون ببێتەوە. بۆ نموونە وشەی (دەم) تاریکە، بەڵام لە دەوروبەرداو بەهۆی دەرخەرەوە، واتاکەی ڕوون دەبێتەوە:

| | |
|---|---|
| دەمی گیاندار | (ئەندامێکی لەشی گیاندارە) |
| دەمی بەیانیان | (کاتە) |
| دەمی چەقۆ | (ڕووە) |

وشە هاوبێژەکان لە دەوروبەری فرێزییدا، واتا جیاوازەکانیان دیاری دەکرێت، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| شاخ: | شاخی گیاندار | (شاخ: ئەندامێکی لەشی گیاندارە). |
| | شاخی گۆیژە | (شاخ: دیاردەیەکی سروشتییە). |

لە دەوروبەری ڕۆشنبیریدا، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەو وشانەی لەنێوان چەند زانستێکدا هاوبەشنو لە هەریەکەیەندا، واتای تایبەتیی خۆیان دەبێت، لە دەوروبەرە فرێزییەکانیاندا واتاکانیان ڕووندەبێتەوە، بۆنموونە:

[16] **وریا عومەر ئەمین**، (٢٠٠٤: ١٩٩).

وشەی (ڕەگ) لەنێوان زانستەکانی (زمان، کشتوکاڵ، بیرکاری، پزیشکی دان)دا:

ڕەگی ڕابردوو/ ڕانەبردوو

ڕەگی دارو درەخت

ڕەگی دووجاو سێ جا

ڕەگی دان

هەندێك ئاوەڵناو، بەهۆی دەوروبەرە فرێزییەکانیانەوە، واتاکانیان ڕوون دەبێتەوە، وەك:

ئاوەڵناوەکانی (ڕەق، نەرم):

قسەی ڕەق (ناخۆش)

دڵی ڕەق (بێ ڕەحم/ بێ بەزەیی)

شوێنی ڕەق (ڕەقی)

نانی ڕەق(ڕەقی)

مرۆڤی نەرم (لەسەرخۆ)

دڵی نەرم(بەڕەحم، باش)

شوێنی نەرم (نەرمی)

نانی نەرم (نەرمی)

ئەدڤێربڵ لە دەوروبەری فرێزیدا:

ئەدڤێربڵ لە ئاوەڵکردارە بنجییەکان، فرێزی پریپۆزیشنی، فرێزی ناوی، لاڕستەی ئاوەڵکرداری پێکدێت، زانیاری لەبارەی کردار، یان ڕستە بەگشتی دەخەنە ڕوو[17].

ئاوەڵکردار، وەك بەشە ئاخاوتنێك لە کوردیدا، ژمارەیان زۆر کەم و سنوردارن[18]، بۆ چارەسەرکردن‌و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی، کە لە خانەی ئاوەڵکردارە بنجییەکانی کوردیدا هەیە، پشت بە ئەرکی سینتاکسیی بەشەکانی تری ئاخاوتن، وەك (ناو، ئاوەڵناو، ژمارە، ڕادە،...هتد) لەناو فرێزی کرداریدا بەستراوە.

واتە بەشەکانی ئاخاوتن لە دەوروبەرە ڕستەسازییەکاندا، دەتوانن ئەرکی ئەدڤێربڵ ببینن، لەبەرئەوە ئاوەڵکردار لە کوردیدا زیاتر ئەرکی ڕستەسازیین، وەك لە بەشە ئاخاوتن. کەرەستە زمانییەکان، یان بەتەنیا لەناو فرێزی کرداریدا، ئەرکی ئەدڤێربڵ دەبینن، یان بە یاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنەکان.

لەبەرئەوە فرێزی کرداری، لەگەڵ پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنەکان، دەبنە دەوروبەرێکی ڕستەسازیی، بۆئەوەی کەرەستە زمانییەکان ئەرکی ئەدڤێربڵ ببینن، وەك لەم نموونانەدا ڕوونکراوەتەوە:

فرێزی کرداری:

- منداڵەکە جوان دانیشتوە.

[17] en.wikipedia.org/wiki/adverbial.

[18] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: نامەی ماستەری (ئازاد ئەحمەد حسەین، ٢٠٠١).

- ئێمە بەهار بۆ هەولێر چووین.
- ئەوان بەیانیان وەرزش دەکەن.

فرێزی پریپۆزیشنی:

- دارا بۆ زانکۆ ڕۆیشت.
- ئەو لە دوێنێوە تۆی نەبینیوە.
- نامەکەم بە دارادا نارد.

ڕۆڵی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشن لە کوردیدا، خوڵقاندنی دەوروبەرێکی تایبەتییە، بۆئەوەی کەرەستە زمانییەکان، تێیدا ئەرکی ئەدڤێربڵ ببینن.

دەوروبەری ڕستەیی:

مەبەست لەم دەوروبەرە، سنوری ڕستەیە بەگشتی، کە بەهۆیەوە ئەرکو واتای دانە زمانییەکان ڕووندەبێتەوە، لەگەڵ چارەسەریی لێڵی و تەمومژییەکان.

دەوروبەری ڕستەیی، ئەو پەیوەندییە ئاسۆییەیە، کە لەنێوان دانە زمانییەکاندا دروست دەبێت، کاتێك لەسەر هێڵێکی ڕاست بەدوای یەکدا دێنو لە ئەنجامدا بیر دەگەیەنرێت.

دەوروبەری ڕستەیی بۆ چەند خاڵێك دابەشدەکرێت، لەوانە:

١- دیاریکردنی واتا، یان ئەرکی مۆرفیمە بەندە سینتاکسییەکان: دەشێت هەندێك لە مۆرفیمە بەندە سینتاکسییەکان لە شێوەی هاوبێژدا دەربکەون، "واتە مۆرفێمێك چەند ئەرکێکی سینتاکسیی جیاوازیی هەبێت"[19]، لەم بارەدا بەهۆی دەوروبەری ڕستەییەوە، ئەرکی هاوبێژەکان ڕووندەبێتەوە وەك لەم مۆرفیمانەدا نیشاندراوە:

(-ە): پریپۆزیشن: - چوومە بازاڕ.
مۆرفیمی خستنەسەر لە فرێزی ناویدا: - کوڕە زیرەکەکە هات.
مۆرفیمی بانگکردن بۆ ڕەگەزی نێر: - کوڕە وەرە.
شێوەیەکی مۆرفیمی ناسراوی: - پیاوە بەپەلە ڕۆیشت.
مۆرفیمی کاتی ئێستا: - دارا زیرەکە.
جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك لە کرداری فەرمانداد: - وانەکە بنوسە.

(-ی): مۆرفیمی خستنەسەر لە فرێزی ناویدا: - منالی وریا خۆشەویستە.
جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە کۆمەڵەی (م - مان)دا: - وانەکەی ئامادەکرد.
مۆرفیمی دۆخ بۆ ڕەگەزی نێر لەو شوێنانەدا،
کە دۆخ لە شێوەی مۆرفیمدا دەردەکەوێت: - نەوزاد نان دەخوات.

---

[19] en.wikipedia.org/wiki/homephone.

٢– کرداره بنەڕەتییەکان لە دروستەی کردارە لێکدراوەکاندا، واتاکانیان بە دەوروبەرەوە پەیوەست دەبێت، بۆ نموونە کرداری (خواردی)، ئەم واتا دەوروبەرییانەی هەیە[٢٠]:

أ– نانەکەی خوارد.

ب– بەرتیلی خوارد.

پ– خەفەتی خوارد.

کرداری (خواردی) لە واتا فەرهەنگییەکەی لایداوەو واتایەکی خوازەیی لە ڕستەکانی (ب، پ)دا وەرگرتووە، چونکە دەوروبەرە سینتاکسییەکەی گۆڕاوەو بەرکارەکانی، لەگەڵ سیما واتاییەکانیدا گونجاو نین، کەواتە کردارەکە واتایەکی فەرهەنگی، بەرامبەر بە چەند واتایەکی دەوروبەریی هەیە، هەردوو جۆرە واتاکەیشی، بەهۆی دەوروبەری ڕستەییەوە ڕوون دەبێتەوە.

٣– مۆرفیمی ناسراوی (–ەکە) لە فرێزی ناویدا، واتایەکی ڕێزمانی دادەڕێژێت، کە پێویستییەکی دەوروبەری دەهێنێتە ئاراوە، بۆئەوەی تێگەیشتن دروست ببێتو واتای ڕستەکە ڕوونو ئاشکرا بێت، بۆنموونە، کە دەوترێت:

– کوڕەکە هات.

هەموو کەسێك لەم ڕستەیە ناگات، چونکە نازانرێت (کوڕەکە) کێیە. بەڵکو بۆ تێگەیشتن، دەبێت بخرێتە دەوروبەرەوە، واتە پێویستیی بە زانیاریی هاوبەشە لەنێوان قسەکەرو گوێگردا. کەواتە مۆرفیمی (–ەکە)، لێکدانەوەی پراگماتیکی، بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستە دادەڕێژێت.

٤– کاتی نازمانی (فیزیکی)، ناوی کاتەکان لە شێوەی فرێزی ئەدڤێربڵیی کاتدا دەیاننوێنن[٢١]، دەشێت هەندێك لەو ناوانە، بۆ هەردوو کاتی ڕابردوو، ڕانەبردوو بەکاربێن، وەك:

– شەو دەچین بۆ بازاڕ.

– شەو چووین بۆ بازاڕ.

لەو دوو ڕستەیەی سەرەوەدا، دەوروبەر جۆری کاتە فیزیاییەکە دیاری دەکات، کە لە ڕستەی یەکەمدا، ڕانەبردووەو لە دووەمیشدا ڕابردووە.

٥– ئەرکە سینتاکسییەکان، بەشە ئاخاوتن دیاری دەکەن، بەواتایەکی تر، هەندێك لە بەشە ئاخاوتنەکان لە دەوروبەرێکی سینتاکسیدا دەستنیشان دەکرێن، بۆ نموونە وشەکانی (جوان)، (زیرەك) بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانیان لە ڕستەدا، دەبنە ئەندامی سێ بەشی ئاخاوتن، وەك لەم ڕستانەدا، ڕوونکراونەتەوە[٢٢]:

---

[20] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی کرداری لێکدراو بەگشتیو هەڵسوکەوتی سینتاکسییان، بڕوانە:

أ– د.ئازاد ئەحمەد حسەین، (٢٠٠٩).

ب– محەمەد عومەر عەول، (٢٠٠٢).

ج– محمد معروف فتاح، (١٩٨٩)، کار پۆلێن کردن بەپێی ڕۆنان، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە

[21] أ– بۆ زانیاریی بەگشتی لەبارەی فرێزە ئەدڤێربڵییەکانەوە، بڕوانە: نامەی ماستەری (ئازاد ئەحمەد حسەین، ٢٠٠١).

ب– بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی کاتی زمانی و نازمانییەوە، بڕوانە: د.محمد معروف فتاح، (٢٠١١: ٢٠٢–٢٠٣).

[22] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە، بڕوانە: د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ).

– جوان خوێندکارە. (ناو)

– جوانم بینی.

– کراسێکی جوانم کڕی. (ئاوەڵناو)

– منداڵەکە جوان دانیشتووە. (ئەدڤێربڵ)

– زیرەك هات. (ناو)

– خوێندکاری زیرەك خۆشەویستە. (ئاوەڵناو)

٦– دەرخەر لە فرێزی ناویدا، دەوروبەرێکی تایبەتی بۆ دەرخراو دروست دەکات، کە واتایەکی جیاکەرەوەیی دەداتێ، واتە سنورێك بە دەوروبەریدا دەکێشێت‌و لە ڕەگەزەکانی هاوشێوەی خۆی جیایدەکاتەوە، بۆ نموونە لەم ڕستانەدا:

– منداڵی زیرەك وریایە.

– دەفتەری دارا وەربگرە.

لە ڕستەی یەکەمدا، (زیرەك) سنورێکی بە دەوری (منداڵ)دا کێشاوەو لە هاوشێوەکانی، جیایکردووەتەوە واتە ئەو دەوروبەرەی دروستکردووە، کە هەموو منداڵێك وریا نییە، تەنیا ئەوانەیان نەبێت، کە زیرەکن. بەهەمان شێوە لە ڕستەی دووەمدا، (دارا) دەوروبەرێکی لە ڕستەدا دروستکردووە، کە هۆشدارییەك بە کەسی دووەم دەدات، کە تەنیا دەفتەری دارا وەربگرێت.

٧– لە ڕستەی لێکدراودا، کەرەستە لابراوەکانی یەکێك لە ڕستەکان، بەهۆی دەوروبەرە سینتاکسییەکەوە دەزانرێت، بۆنموونە لەم ڕستەیەدا:

– من کتێبێکم کڕی و نەوزادیش دەفتەرێك Ø.

بۆئەوەی کرداری ڕستەی دووەم، واتە (Ø) بزانرێت، دەبێت دەوروبەری سینتاکسی ڕەچاوبکرێت، بەهۆیەوە دەزانرێت، کە کردارەکە (کڕی)یە، چونکە ئەگەر ئەم کردارە نەبووایە، لە ڕستەکەدا لانەدەبرا، لەبەرئەوەی تەنیا کەرەستەی هاوبەش‌و دووبارەبوو لە ڕستەی لێکدراودا لادەبرێت[23].

٩– هەندێك لێڵی و تەمومژی ڕستەیی، بەهۆی دەوروبەری سینتاکسییەوە چارەسەر دەکرێت، بۆنموونە جێناوی لکاوی کەسی دووەم‌و سێیەمی کۆ هاوبێژن، کە بریتین لە (ن)، لەبەرئەوە ئەو کردارانەی ئەم جێناوە دایاندەڕێژێت، لە دەوروبەری ڕستەییدا، بکەرەکانیان دەناسرێنەوەو ئاشکرا دەبن. لەم جۆرە ڕستانەدا ناتوانرێت بکەر لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا لابرێت، چونکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کردەی لەیەکگەیشتن هەیە، وەك لەم نموونانەدا ڕوونکراوەتەوە:

نوستن ← ئێوە نوستن.
↙ ئەوان نوستن.

وانە دەخوێنن. ← ئێوە وانە دەخوێنن.
↙ ئەوان وانە دەخوێنن.

---

[23] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی کەرەستە لابردن لە ڕستەی لێکدراودا، بڕوانە: (نامەی ماستەری بەکر عومەر عەلی، ١٩٩٢).

کەواتە بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری ڕستەکە، نازانرێت، جێناوی لکاوی (ن)، هی کەسی دووەمی کۆیە، یان سێیەمی کۆیە.

١٠- ئەرکەکانی زمان، بەتایبەتی (هەواڵگەیاندن، پرسیارکردن، فەرماندان، سەرسوڕمان)[24]، لە دەوروبەردا دەردەکەون. دەوروبەری سینتاکسیش بۆ ئەم ئەرکانە، نیشانەکانی خاڵبەندین. بۆنموونە ڕستەیەکی وەک:

- خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی سبەینێ بۆ سەیران دەچن

بەبێ هیچ نیشانەیەکی خاڵبەندی لە کۆتایی ڕستەکەدا، هیچ ئەرکێکی زمانی ناگەیەنێت، لەبەرئەوەی مەبەستی قسەکەر لەو دەربڕینەدا نادیارە، چونکە دەشێت بیەوێت هەواڵێك بگەیەنێت، یان داوای زانیارییەك لەوبارەیەوە بکات، یان سەرسوڕمانی خۆی نیشان بدات. بە دانانی نیشانەیەکی خاڵبەندی لە کۆتایی ڕستەکەدا، مەبەستی قسەکەر ڕوون دەبێتەوەو ئەرکە زمانییەکە دیاری دەکرێت، لەزمانی قسە کردنیشدا ،مەبەستی قسەکەر لەو دەربڕینانە ، بەڕێگەی هێزی برگەی ئاوازەدارەوە دیاریدەکرێت ،واتە بەهۆی ئاوازەکانی (هەڵس-کەوت )ەوە:

- خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی سبەینێ بۆ سەیران دەچن. (هەواڵگەیاندن)
- خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی سبەینێ بۆ سەیران دەچن؟ (پرسیاری)
- خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی سبەینێ بۆ سەیران دەچن! (سەرسوڕمان)
- خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی دەچن بۆ سەیران . (ئاوازی یەك : کەوت)
- خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی دەچن بۆ سەیران ؟ (ئاوازی دوو : بەرز-هەڵس )
- خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی دەچن بۆ سەیران ! (ئاوازی سێ : کەوت-هەڵس )

کەواتە ئەم سێ ئەرکەی زمان، لە ڕوانگەی مەبەستی قسەکەرەوە، پەیوەست بە نیشانەکانی خاڵبەندییەوە لەگەڵ ئاوازەکانی (هەڵس-کەوت) ەوە دیاری دەکرێن.

١١- ئەرکێکی تری زمان، کە (هەست دەربڕین)ە، لە دەوروبەری ڕستەییدا، بەهۆی دەرخەرێکی ئاوەڵناوییەوە جێبەجێ دەکرێت. واتە کاتێك ناوێك سیفەتێکی دەدرێتە پاڵ، دەبێت بە دەوروبەر بۆ ئەم ئەرکە زمانییەو قسەکەر بەهۆیەوە هەست بەرامبەر بەو ناوە دەردەبڕێت، وەك لەم ڕستانەدا، ڕوونکراوەتەوە:

- کوڕێك هات.
- کوڕێکی زیرەك هات.

ڕستەی یەکەم، هەواڵگەیاندنە، بەڵام ڕستەی دووەم، هاوکات لەگەڵ هەواڵگەیاندن، قسەکەر هەستی خۆی بەرامبەر بە (کوڕەکە) دەربڕیوە، لێرەدا ئاوەڵناوی (زیرەك)، دەوروبەرێکی دروستکردوەو بووە بەهۆی ئەوەی کە ڕستەکە دوو ئەرکی زمانی جێبەجێ بکات.

هەرچی ئەرکی (فەرماندان)یشە، بەپێی پەیوەندیی نێوان قسەکەران دیاری دەکرێت، بۆنموونە، لە ڕستەیەکی وەك:

- دەرگاکە بکەرەوە.

[24] بۆ زانیاریی لەبارەی ئەرکەکانی زمان بەگشتی، بڕوانە: د.محمد معروف فتاح، (٢٠١٠: ٣١-٣٨).

"ئەگەر لە خاوەن ماڵێك بۆ خزمەتکارەکەی بێت، ئەوا دەبێتە (فەرماندان)، ئەگەر لەنێوان دوو هاوڕێ بێت، ئەوا دەبێتە داخوازی"[٢٥].

١٢- لە دەوروبەری ڕستەییدا، دەشێت پەیوەندیی هاوواتایی لەنێوان دوو وشە، یان چەند وشەیەکدا دروست ببێت، کە وشەکان لە فەرهەنگدا دژواتان، یان ئەندامی چەند بەشە ئاخاوتنێکی جیاوازن، وەك لەم ڕستانەدا نیشاندراون:

- منداڵەکە باش کەوت. (هاوواتایی لەنێوان دوو وشەی فەرهەنگیی دژدا).
- منداڵەکە خراپ کەوت.

- پارەی باشی هەیە. (هاوواتایی لەنێوان دوو وشەی سەر بە دوو بەشە ئاخاوتنی جیاوازدا: ئاوەڵناو، ڕادە).
- پارەی زۆری هەیە.

- پزیشکێکی باشە.
- پزیشکێکی زیرەکە. (هاوواتایی لەنێوان سێ ئاوەڵناوی جیاوازدا).
- پزیشکێکی شارەزایە.

بەستنەوەی زمان بە دەوروبەرەوە:

سینتاکس کە بەشێکی پەیڕەوی زمانە، لە چۆنیەتی ڕیزکردنو خستنەپاڵ یەکی کەرەستەکانی زمان، بۆ دارشتنی ڕستە دەکۆڵێتەوە، کە لە ئەنجامدا فۆڕمی زمانی بەرهەم دێت.

ڕستە کەرەستەی لەیەکگەیشتنو گەیاندنی بیرە، کە لەم ڕوانگەیەوە بۆ دوو بەش پۆل دەکرێت: هەندێك ڕستە بەتەنیا لەیەکگەیشتن دەهێنێتە ئاراوەو هەندێکی تریان بەهۆی دەوروبەرەوە، ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات، هۆی ئەمەیش بۆ بوونی چەند کەرەستەیەك لە ڕستەدا دەگەڕێتەوە، کە واتایەکی جێگیرو دیاریکراویان نییەو دەبێت لە دەوروبەردا واتاکانیان بزانرێت. "ئەم کەرەستانەیش بە نیشانکار، یان ئامرازی پراگماتیکی ناسراون"[٢٦]، کە لێکدانەوەی پراگماتیکی بۆ ڕستە دەستەبەر دەکەن.

نیشانکارەکان فۆڕمی زمانیی تەمومژاویو نادیارن، ئاماژە بۆ کەس، کات، شوێن، پلەوپایە،...هتد دەکەنو زمانو دەوروبەر بەیەکەوە دەبەستنەوە[٢٧]، پەیڕەوی ئاماژەکردن پێکدەهێننو لە ڕێزماندا ڕەنگ دەدەنەوە.

بەشێوەیەکی گشتی لە زماندا، سێ جۆر ئاماژەکردن بە بۆچوونی (Levinson) دیاریکراوە[٢٨]:

١- ئاماژەی پراگماتیکی: دەکرێت بە دوو بەشەوە:

أ- جووڵەیی: دەبێت مرۆڤ جوڵەی ئەندامێکی جەستەی، لەگەڵ ئاخاوتندا بەکاربهێنێت، وەك:

---

25 د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١١: ٣١).

26 بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: أ- محەمەد مەعرووف فەتاح، (٢٠١١: ١٩٤).

ب- د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١١: ٩٥).

27 Levinson, (1997:54).

28 عبدالسلام نجم الدين، (٢٠٠٧: ٧٤). لە سەرچاوەی (ب) ل(١٠١) وەرگیراوە.

- ئەم کوڕە برامە.

ب- ڕەمزی: پێویست بە جوڵەی جەستە ناکات، وەك:

- ئێرە شارێکی خۆشە.

٢- ئاماژەی گشتی: ئامڕازەکانی ئاماژە (ئەم - ئەو)یان تێدایە، کە ئاماژە بۆ ناوێکی دیاریکراو لە دەرەوەی زماندا ناکەن، وەك:

- بە قسەی ئەم و ئەو مەکە.

٣- ئاماژەی (دەق): ئەم جۆرە ئاماژەیە لەناو دەق (تێکست) خۆیدایە، واتە لەناو زماندایەو ناپەڕێتەوە بۆ دنیای دەرەوە، کە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

أ- ئەنافۆر (چاو لەپێش): لێرەدا کەرەستەیەك، ئاماژە بۆ کەرەستەیەك، یان ناوێکی پێش خۆی دەکات، وەك:

- هێمن وانەکەی خوێند.
- سازگار ڕاپۆرتەکەی پێشکەش کرد.
- مناڵەکە سێوەکەی خوارد.

لەو ڕستانەدا، بۆئەوەی جێناوە لکاوەکانی (ی) بزانرێت، دەبێت سەیری پێشیانەوە بکرێت، واتە جێناوە لکاوەکانی (ی) لەو ڕستانەدا ئاماژە بۆ ناوێکی پێش خۆیان دەکەن.

ب- کەتافۆڕ (چاو لەدوا): بۆ زانینی کەرەستەیەك، یان واتای دەربڕاوێك، دەبێت سەیری دواوەی بکرێت، وەك لەم ڕستانەدا دیارە:

- مرۆڤی باش ئەو کەسەیە، کە هاوکاریی خەڵك بکات.
- من ئەو کەسە بووم، کە لە کۆڕەکەدا سیمینارێکم پێشکەشکرد.
- ئاوەڵناو کەرەستەیەکە، کە وەسفی ناوێك، یان جێناوێك دەکات.

ئامڕازە پڕاگماتیکییەکان:

سەرەکیترین ئامڕازی پڕاگماتیکی، جێناوەکانی ئاماژەکردنن (ئەوە - ئەمە - ئەوانە - ئەمانە)، کە ئەرکیان نیشاندانی کەرەستەیەك، یان ناوێکە لە دەرەوەی زماندا، بەتەنیا، یان بەشێوەی دەرخەر لە فرێزی ناویدا، وەك لەم ڕستانەدا دیارە:

- ئەوە برامە.
- ئەمە کتێبێکی بەسوودە.

یان:

- ئەو کوڕە برامە.
- ئەو کتێبە کتێبێکی بەسوودە.

واتە: جێناوەکانی ئاماژەکردن بەتەنیا ←———— نیشاندان و دیاریکردنی ناو لە دەرەوەی زماندا.

یان: جێناوەکانی ئاماژەکردن + ناو ← نیشاندان و دیاریکردنی ناو لە دەرەوەی زماندا.

جگە لەم جێناوانە، ئەو کەرەستانەی لە زماندا (ناو ڕستەدا)، ئاماژە بۆ ناوێك لە دەرەوەی زمان، یان ڕستە دەکەن، ئەمانەن[29]:

١- نیشانە کەسییەکان.

٢- نیشانە شوێنییەکان.

٣- نیشانە کاتییەکان.

٤- نیشانە کۆمەڵایەتییەکان.

یەکەم: نیشانە کەسییەکان:

ئاماژە بۆ ئەو کەسانە دەکەن، کە قسەکەر مەبەستیەتیو لە دەقێکدا باسکراون، واتە "ڕۆڵی ئەو کەسانە نیشاندەدەن کە لە قسەکردندا هاوبەشن"[30].

واتە ئەم کەرەستانە، ئاماژەن بۆ ناوی کەسێك لە دەرەوەی زماندا، ناوەکە لە دەرەوەی ڕستە، یان دەقدا، دەدۆزرێتەوەو دەناسرێت. ئەو کەرەستانەیش ئەمانەن:

١- جێناوە کەسییەکان:

جێناوە کەسییە سەربەخۆکان لە ڕوانگەی ئەرکیانەوە، دەکرێن بە دوو بەشەوە:

أ- (من – ئێمە، تۆ – ئێوە): ئەم کۆمەڵە هەمیشە ئاماژە بۆ کەسێك، یان کۆمەڵە کەسێك لە دەرەوەی دەقدا دەکەن، وەك:

| | |
|---|---|
| - من خوێندکارم. ↓ ئارام | - من خوێندکارم. ↓ شیلان |
| - ئێمە مامۆستاین. ↓ من+من+من+...هتد. | - ئێوە مامۆستان. ↓ تۆ+تۆ+تۆ+...هتد. |
| (کەسەکان لە ڕوانگەی قسەکەرەوەن.) | (کەسەکان لە ڕوانگەی گوێگرەوەن.) |

(من – ئێمە)، دوو نیشانەن، ئاماژە بۆ کەسی قسەکەر دەکەن و (تۆ – ئێوە)یش نیشانەن کەسی گوێگر دیاری دەکەن.

---

[29] لە دیاریکردنی نیشانە پڕاگماتیکییەکاندا، سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

أ- د.محەمەد مەعرووف فەتاح، (٢٠١١: ١٩٤).

ب- د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١١: ١٠١-١١٠).

[30] محمد محمد یونس علی، (٢٠٠٤: ٢١).

ب- (ئەو — ئەوان): ئەم دوو جێناوە، کە هی کەسی دووەمی تاکو کۆن، بە دوو شێوە ئاماژە بۆ کەس دەکەن:

١- ئاماژەی بریتی خستن: واتە لە شوێنی ناوێك لە دەقێکدا بەکاردەهێنرێن و ئاماژەی ئەنافۆڕی پێکدەهێنن، وەك:

- ئارام خوێندکاری بەشی کوردییە، لە وەرزی ڕۆشنبیریدا ئەو بابەتێکی لەسەر مێژووی زمان پێشکەشکرد.

لەم دەقەدا، (ئەو) بۆ (ئارام) ئاماژە دەکات، کە پێشتر لە دەقەکەدا هاتووە، واتە ئاماژەکەی لەم بارەدا، لەناو خودی زماندایەو بۆ دەرەوە نەگوێزراوەتەوەو بێ پەنابردنە بەر دەوروبەر، دەزانرێت (ئەو) کێیەو دەناسرێتەوە.

- سۆران و هاوکار و نازەنین هاتن، بەڵام ئەوان هیچیان نەوت،...

لەم دەقەیشدا، جێناوی (ئەوان)، ئاماژەن بۆ ژمارەیەك ناو لە دەقەکەدا.

٢- ئاماژەی پڕاگماتیکی: لێرەدا جێناوەکانی (ئەو — ئەوان)، ئاماژە بۆ کەسێك، یان کۆمەڵە کەسێك لە دەرەوەی دەق (زمان)دا دەکەنو بۆ ناسینو دۆزینەوەی کەسەکان، دەبێت دەوروبەر لەبەرچاو بگیرێت، وەك:

- ئەو هات. ↓ سازگار

- ئەو هات. ↓ دانا

لەو ڕستانەدا، قسەکەر ئاماژە بۆ ناوی کەسێك لە دەرەوە دەکات، هاوکات وەك پێشتر ڕوونمانکردەوە قسەکەر دەتوانێت ئاماژە بۆ ناوی خۆی، یان کۆمەڵەکەی، لەڕێی جێناوەکانی (من — ئێمە)وە بکات.

- ئەوان زیرەکن.

↓

ئەو + ئەو + ئەو + ....هتد.

↓ ↓ ↓

نەوزاد ڕزگار هاوڕێ

ئاماژەکردنە، بە ژمارەیەك کەس لە دەرەوەی زماندا.

کەواتە جێناوە کەسییە سەربەخۆکان، پەیڕەوێك پێکدەهێنن، بەڵام لە ڕوانگەی هەڵسوکەوتو ئەرکیانەوە، یان (ئاماژەیانەوە)، بۆ دوو کۆمەڵ پۆل دەکرێن.

جێناوە کەسییە سەربەخۆکان، هەردوو جۆرە ئاماژە پڕاگماتیکییەکانیان پێدەکرێت، وەك:

- تۆ و تۆ بڕۆنە دەرەوە. (جوڵەیی).

- تۆ خوێندکارێکی بەڕێزیت. (ڕەمزی، کاتێك (تۆ) بەرامبەر قسەکەر ڕاوەستابێت).

٢- ناوی گشتی، کاتێك مۆرفیمی (-ەکە)ی ناسراوی لەگەڵدا بێت:

مۆرفیمی (–ەکە)ی ناسراوی، کاتێك دەبێتە دەرخەری ناوێکی گشتی، ئاماژە بۆ کەسێك لە دەرەوەی زماندا دەکات، بۆ نموونە لەم دوو ڕستەیەدا:

- کوڕێك هات.
- کوڕەکە هات.

ڕستەی یەکەم لەیەکگەیشتن دەهێنێتە ئاراوە، بەڵام ڕستەی دووەم پێویستیی بە دەوروبەر دەبێت. بەهەمان شێوە لەم ڕستانەدا:

- کتێبەکەم کڕی.
- وانەکەمان خوێند
- دزەکە گیرا.

(ڕستەکان + دەوروبەر ← لەیەکگەیشتن).

٣– نازناو (پیشە، ئایینی):

ئاماژەیان بۆ کەسێك لە دەرەوەی زماندا پێدەکرێت، وەك:

- مامۆستا دەناسم. – دکتۆر هات.

کەس لە دەرەوەی زمان

- حاجی نەخۆشە. – شێخ قسەی نەکرد.

کەس لە دەرەوەی زمان

٤– زاراوەکانی خزمایەتی (خاڵ، باوك، مام،...هتد):

جگە لە بانگکردن، دەتوانن ئاماژەیشی بۆ کەس بکەن، وەك:

- خاڵم مامۆستایە. – مامی هاوڕێمە.

کەس لە دەرەوەی زمان

دووەم: نیشانە شوێنییەکان:

ئەو کەرەستانەن، کە ئاماژە بۆ شوێن دەکەن، کە قسەکەر لەکاتی ئاخاوتندا مەبەستیەتی. واتە ئەو شوێنانەی لەکاتی ئاخاوتندا ئاماژەیان بۆ دەکرێت. ئەو کەرەستانەیش کە ئەم ئاماژەیەیان پێدەکرێت، ئەمانەن:

١– وشەکانی (ئێرە، ئەوێ،...هتد): لەم ڕستەیەدا:

- ئێرە هاوینەهەوارێکی خاوێنە.

بە دەوروبەری ڕستەکەدا دەزانرێت، کە (ئێرە) مەبەست لە هاوینەهەوارێکە، نەك شوێنێکی تر، بەڵام ناوی

تایبەتی، یان دیاریکراوی (هاوینەهەوار)ەکە نازانرێت، بەڵکو لە ڕوانگەی قسەکەرەوە دەزانرێت، واتە شوێنی قسەکەر کوێ بێت، ئەو شوێنە دەگرێتەوەو ئاماژەی بۆ دەکات، بۆ نموونە ئەگەر قسەکەر لە شوێنێکی وەکو (سۆلاڤ) ئەو قسەیە بکات، ئەوا مەبەست لەو هاوینەهەوارەیە.

لە هەندێك باردا، ئەم کەرەستانە (لێرە، لەوێ)، کە لە پریپۆزیشنی (لە) و ناوی شوێنەکانی (ئێرە، ئەوێ) پێکهاتوون، دەشێت ئاماژە بۆ شوێنێکی بەرامبەر قسەکەر، یان نزیك لێوەی بکەن، لەم بارەدا پێویست بە ئاماژەی بەشێك لە ئەندامی جەستەی قسەکەر دەبێت، وەك:

- وەرە لێرە دانیشە.
- بڕۆ ئەوێ دانیشە.

٢- هەندێك کردار:

هەندێك کردار شوێنی قسەکەر، یان نزیك لێوەی دیاری دەکەن، بەتایبەتی لە کرداری فەرمانی (وەرە، بڕۆ)دا دیارە. (وەرە) ئاماژە بۆ شوێنی قسەکەر دەکاتو (بڕۆ)یش شوێنێکی دوور لە قسەکەر نیشاندەدات:

- ئاکۆ وەرە. (نزیککەوتنەوەیە لە قسەکەر)
- ئاکۆ بڕۆ.(دوورکەوتنەوەیە لە قسەکەر)

جگە لەم کردارانە، ئەو کردارانەیش، کە جووڵەیان تێدایە، وەك (هێنام، بردم،...هتد)، ئاماژەی شوێنیان تێدایە، بۆیە لە ڕستەدا پێویستیان بە فرێزێکی ئەدڤێربڵی شوێن دەبێت:

- کتێبەکانم هێنا. (شوێنی نزیك لە شوێنی ئاخاوتن)
- کتێبەکانم برد. (شوێنی دوور لە شوێنی ئاخاوتن)

٣- بەکارهێنانی جێناوی لکاوی (یت):

جێناوی کەسیی لکاوی (یت)، کە هی کەسی دووەمی تاکە، لەبری جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك ($\emptyset$) بەکاربهێنرێت، ئاماژە بۆ شوێنێکی نزیك، یان بەرامبەر قسەکەر دەکات:

- دارا بە یەکەم دەرچوویت. (دارا نزیك قسەکەرە).
- دارا بە یەکەم دەرچووە. (دەشێت دارا دوور، یان نزیك قسەکەر بێت).

٤- وشەکانی (سەر، خوار، ژوور، دەر):

ئەم وشانە بەیاریدەی پریپۆزیشن و پۆست پۆزیشنی (لە – ەوە)، ئاماژە بۆ شوێن لە دەرەوەی زماندا دەکەن، وەك لەم ڕستانەدا خراونەتە ڕوو:

- منداڵەکان لە سەرەوە دانیشتون.
- خوێندکارەکان لە دەرەوە کۆشش دەکەن.
- دارا لە خوارەوە نوستوە.

لەو ڕستانەدا، تا شوێنی قسەکردن نەزانرێت، ئاماژەی فرێزە ئەدڤێربڵییەکانی (لەسەرەوە، لە خوارەوە، لەدەرەوە) نازانرێت و ناناسرێتەوە.

سێیەم: نیشانە کاتییەکان:

ئاماژە بۆ کاتێك لە دەرەوەی زمان، لەڕوانگەی کاتی قسەکردنەوە دەکەن، واتە تا کاتی قسەکردن نەزانرێت، ئاماژەکە نادۆزرێتەوە. دوو جۆر کات لە سنوری ڕستەدا دیاری دەکرێت[31]:

أ- کاتی نازمانی: لە شێوەی ئەدڤێربلدا دەردەکەون، وەك (بەهار، شەو، هاوین، هەفتەی داهاتوو، ئێستا، دوێنێ،...هتد).

ب- کاتی زمانی: کاتی ناو کردار دەگرێتەوە، کە ڕەگەزێکی بـنـچـیـنـەیـی داڕشتنی کردارەو بریتین لە: (ا، د، ی، وو، ت)، بۆ کاتی ڕابردوو، بۆ کاتی ڕانەبردوویش (دە)یە، یان کاتەکە لەناو ڕەگی کرداردا تواوەتەوە. بەگشتی بەهۆی ئەم کەرەستانەوە، ئاماژە بۆ کات لە دەرەوەی زمان دەکرێت:

١- وشەکانی (ئێستا، دوێنێ، ئەمڕۆ،...هتد): لەم ڕستانەدا:

- مامۆستا ئێستا ڕۆیشت.
- دلێر دوێنێ بۆ هەولێر، ڕۆیشت.
- ئەمڕۆ بارانێکی باش باری.

تا کاتی ئاخاوتنی ڕستەکان نەزانرێت، ناتوانرێت ئەو کاتە دیاری بکرێت، کە کەرەستەکانی (ئێستا، دوێنێ، ئەمڕۆ) ئاماژەیان بۆ دەکەن.

ئەم جۆرە کەرەستانە، دوو جۆر ئاماژەیان پێدەکرێت[32]:

١- بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، کە (٢٤) کاژێرە.

٢- بۆ کاتێك لەو (٢٤) کاژێرەدا.

لەم ڕستانەدا، هەر دوو جۆرە ئاماژەکە ڕوونکراونەتەوە:

- میوانەکان سبەینێ دەگەن. (کاتێك لە ٢٤ کاژێردا)
- سبەینێ پشووە. (مەبەست هەر ٢٤ کاژێرەکەیە.)
- مۆڵەتەکەمان دوو ڕۆژە.

٢- کەرەستە فەرهەنگییەکانی، وەك (شەوباش، ڕۆژباش،...هتد):

نیشانەکانی کات هەندێك جار بە شاراوەیی دەچنە ناو کەرەستەی فەرهەنگییەوە، وەك[33]:

شەوباش (کاتی ئەم ئاخاوتنە لە شەودایە).

بەیانیت باش (ئاماژە بۆ کاتێك دەکات لە بەیانییەوە، تا دوازدەی نیوەڕۆ).

چوارەم: نیشانە کۆمەڵایەتییەکان:

ئەو کەرەستانەن، کە ئاماژە بۆ پلەی ڕێز، یان تەمەن، جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی زمان (دەق)دا دەکەن، وەك:

١- زاراوەکانی خزمایەتی (خاڵە، مامە،...هتد):

---

31 Levinson, (1997:75).

32 د.محەمەد مەعرووف فەتاح، (٢٠١١: ٢٠٣).

33 سەرچاوەی پێشوو.

ڕێز بەرامبەر بە تەمەنی مرۆڤ نیشاندەدەن:

- مامە لە دەرەوە دانیشتوە.
- خاڵە چیت پێویستە؟

٢- وشەی (کاک) لەپێش ناوی تایبەتییەوە:

ڕێزلێنانێکی گشتیی بەرامبەر بە مرۆڤ بەبێ جیاوازی تەمەن دەگەیەنێت:

- کاک دارا هاوڕێمە.

٣- نازناوی پیشە (مامۆستا، دکتۆر،...هتد):

بەکارهێنانی ئەم نازناوانە، وەك دەرخەر لەپێش ناوی تایبەتییەوە، یان بەتەنیا، ئاماژەن بۆ ڕێزلێنان:

- مامۆستا هات.
- مامۆستا ئاکۆ دەناسم.
- دکتۆر وتی....

٤- نازناوی ئایینی (شێخ، حاجی،...هتد):

ئاماژەن بۆ ڕێزلێنان لە تەمەن، یان پایەی مرۆڤ، بەتەنیا، یان وەك دەرخەر لەپێش ناوەوە:

- شێخ لە کۆڕەکەدا ئامۆژگاریی خەڵکەکەی کرد.
- شێخ کەریم هێشتا نەهاتووە.
- حاجی نەخۆشە.

٥- بەکارهێنانی جێناوێکی کەسیی کۆ لەبری جێناوێکی کەسیی تاك:

ئەگەر لەجیاتی (من) بوترێت (ئێمە) و لەبری (تۆ)یش (ئێوە) بەکاربێت، ئەوا ڕێزلێنان دەگەیەنێت[٣٤]، واتە گەورەکردنی کەس، ئاماژەیە بۆ ڕێزلێنان، بۆ نموونە ئەگەر بە کەسی دووەمی تاك بوترێت:

- ئێوە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕن.
- فەرموون.
- چۆنن.

هەموو ئەم ڕستانە، ڕێز دەردەبڕن، لەبەرئەوە لەم بارەدا، بەکارهێنانێکی نائاساییان هەیە، چونکە ئاماژە بۆ کەسێکی تاك لە دەرەوەی دەقدا دەکەن.

جگە لەو چوار نیشانەیەی باسکران، کە زمان بە دەوروبەری دەرەوەیەوە دەبەستنەوە، جۆرێکی تر لە نیشانە هەیە، وتنێك بە دەوروبەری خۆیەوە لەناو دەقدا دەبەستنەوە، پێیان دەوترێت نیشانەکانی دەق[٣٥]، کە ئاماژە

---

[34] د.محەمەد مەعرووف فەتاح، (٢٠١١: ٢٠٤).

[35] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی نیشانەکانی دەقەوە، بڕوانە:

أ- Levinson, (1997:85).

ب- د.محەمەد مەعرووف فەتاح، (٢٠١١: ٢٠٦).

بۆ پەیوەندیی نێوان وتنێكو دەقەكەی دەوروبەری دەكەن. (ئەدڤێربڵەكانی شوێن) نیشانەی دەقن، كە ئاماژە بۆ پێش، یان دوای وتنێك دەكەن، وەك:

- لەپێشەوە تایبەتمەندییەكانی كردار خرانەڕوو.
- لە بەشی دووەمدا جۆرەكانی كردار لە ڕووی هێزەوە باس دەكەین.
- لە سەرەوە نیشانماندا....هتد.

جگە لە ئەدڤێربڵەكانی شوێن، ئامرازەكانی لێكدان لە ڕستەی ناسادەدا، نیشانەی دەقن، وەك (بەڵام، چونكە، بۆیە، ئەگینا،...هتد)، چونكە وتنەكان بەیەكەوە دەبەستنەوە، وەك:

- دارا نایەت بۆ سەیران، چونكە نەخۆشە.

لێرەدا (چونكە) ئاماژە بۆ هۆی نەهاتنی دارا دەكات.

- ئارام بە یەكەم دەرچوو، بۆیە دڵی خۆشە.

(بۆیە) ئاماژە بۆ ئەنجامی دەرچوونی دارا دەكات، كە دڵخۆشییە.

....هتد.

ئەنجامەكان:

ئەنجامە گرنگەكانی لێكۆڵینەوەكە، لەم چەند خاڵەدا خراونەتە ڕوو:

١- سینتاكس و پراگماتیك، دوو زانستن، تەواوكەری یەكترنو لێكۆڵینەوە لە هەریەكەیان، بێ ئەوی تریان نابێتو هەردووكیان دوو پێڕەوی زمان پێكدەهێننو دوو دیوی زمانن، سینتاكس فۆڕمەكەیەتیو پراگماتیكیش واتا. ئەمە جگە لەوەی كە دیاردە سینتاكسییەكان، وەك هاوبێژ، یان واتا جیاوازەكانی كردارە فرەواتاكان لە دەوروبەرە زمانییەكاندا، لێكدەدرێنەوەو شرۆڤە دەكرێن.

٢- دەوروبەر بەگشتی، بۆ زمانیو نازمانی پۆل دەكرێت. دەوروبەری زمانی (دەنگی، وشەیی، ڕستەسازی) دەگرێتەوە، كە لەناویاندا دەوروبەری ڕستەسازی لەوانی تر، گرنگترو فراوانترە، چونكە:

أ- دانەی زمانی زۆری تێدەكەوێت.

ب- دەوروبەرە دەنگی و وشەسازییەكان لەخۆدەگرێت.

پ- دەوروبەرە نازمانییەكانی، وەك (بار، ڕۆشنبیری، سۆزداری)، تێدا بەرجەستەو تێكەڵ دەبن.

٣- دەوروبەری ڕستەسازیی، بۆ دەوروبەری فرێزی ڕستەیی دابەش دەكرێت. مۆرفیمە سەربەستە هاوبێژەكان لە دەوروبەری فرێزیدا، واتا جیاوازەكانیان ڕووندەبێتەوەو مۆرفیمە بەندە هاوبێژە سینتاكسییەكانیش، لە دەوروبەری ڕستەییدا، ئەركە جیاوازەكانیان دیاری دەكرێت.

٤- لە دروستەی كردارە لێكدراوەكاندا، كردارە بنەڕەتییەكان واتاكانیان بە دەوروبەرەوە پەیوەست دەبنو لە واتا فەرهەنگییەكانیان لادەدەنو واتایەكی خوازەیی وەردەگرن. لەبەرئەوە هەر كردارێكی بنەڕەتی لە دروستەی كرداری لێكدراودا، واتایەكی فەرهەنگی، بەرامبەر بە چەند واتایەكی

دەوروبەری دەبێت، هەر دوو جۆرە واتاکەیش، بەهۆی دەوروبەری ڕستەییەوە ڕوون دەبنەوە.

٥- هەندێك لێڵی و تەمومژی ڕستەیی، بەهۆی دەوروبەری ڕستەییەوە چارەسەر دەکرێن، بۆ نموونە جێناوی لکاوی کەسی دووەم و سێیەمی کۆ لە کۆمەڵەی (م – ین) هاوبێژن، کە (ن)ە، لەبەرئەوە ئەو کردارانەی ئەم جێناوە دایاندەڕێژێت، لە دەوروبەری ڕستەییدا، بکەرەکانیان دەناسرێنەوەو ئاشکرا دەبن. لەم جۆرە ڕستانەدا ناتوانرێت بکەر لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا لابرێت، چونکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کردەی لەیەکگەیشتن دەبێت.

٦- لە دەوروبەری زمانیدا، ئەدڤێربڵەکانی شوێن، وەك (لەسەرەوە، لە خوارەوە، لە بەندی یەکەمدا، ...هتد)، کەرەستەیەکن، ئاماژە بۆ پەیوەندی نێوان وتنێكو دەقەکەی دەوروبەری دەکەنو بەیەکیانەوە دەبەستنەوە.


ملخص البحث

هذهِ الدراسة الموسومة (السياق اللغوي)، دراسة نحوية براكماتيكية، محاولة لشرح وتحليل بعض المظاهر النحوية المرتبطة بالسياق اللغوي والتي تشكل الركيزة الهامة الاساسية للبراكماتيكية، ونماذجها مأخوذةٌ من لهجة السليمانية، ونعني لهذا الحدود الجغرافية للهجة السليمانية. إن بعض المواضيع النحوية لايمكن دراستها بمعزلٍ عن السياق أو انها لا تؤتي بنتائج تُذكَر، فالألفاظ المتجانسة لايمكن الدرك بوظائفها أو معانِها دون معرفة سياقاتها. السياق اللغوي في هذهِ الدراسة مُصنف الى (صوتي، صرفي، جُملي)، السياق الجُملي هو الأهم في تلك السياقات، لِأنها تتضمن نماذج جمة منها السياق الصوتي والصرفي وكما يختلط فيه السياق الغير اللغوي أيضاً.

# Abstract

This research is marked by linguistic context. Grammatical study-pragmatic. Try to explain and analyze some grammatical features associated with the linguistic context, and which constitute important pillar of pragmatic and models taken from the tone of Sulaymaniayah and we mean for this geographical boundaries of the tone Sulaymaniayah.

Said some of the topics grammatical can not be studied in isolation from the context.

Valavaz heterogeneous can not gendarmerie functions with out knowledge of context. Linguistic context in this study classified into voice, morphological, sentences.

The sentences context is the most important context in those contexts, because it includes great models context voice and morphological. As faithful mixed non-linguistic context.

سەرچاوەکان:

به زمانی کوردی:


١- د.ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆجی)، بەشی یەکەم – ناو –، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغداد.

٢- ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠١)، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣- د.عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١)، زانستی پراگماتیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر.

٤- عبدالله عزیز محمد بابان (١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٥- د.محەمەد مەعرووف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: شیروان حسین خۆشناو – شیروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٦- د.محمد معروف فتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٧- د.محەمەدی مەحوی (٢٠٠١)، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

٨- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.


به زمانی عەرەبی:


٩- أحمد مختار عمر (١٩٨٨)، علم الدلالة، الطبعة الثانية، القاهرة.

١٠- جون لاينز (١٩٦٨)، علم الدلالة، ترجمة: مجيد الحليم الماشطة – حليم حسين فالح – كاظم حسين باقر، بصرة.

١١- جون لاينز (١٩٨٧)، اللغة والمعنى والسياق، ترجمة: عباس صادق الوهاب، بغداد.

١٢- نعوم جومسكي (١٩٨٥)، جوانب من النظرية النحو، ترجمة: مرتضى جواد باقر، موصل.

١٣- د.نور الهدى لوشن (١٩٩٥)، علم الدلالة، دراسة وتطبيقاً، الطبعة الأولى، ليبيا.

١٤- د.نسيم عون (٢٠٠٥)، الألسنية – محاضرات في علم الدلالة، الطبعة الأولى، دار الفارابي، بيروت.


به زمانی ئینگلیزی:


15- Bauer, L. (1983), English word – Formation. Cambridge: Cambridge University press.

16- Levinson, S. C. (1997), “Pragmatics” Cambridge University press.


پێگەی ئینتەرنێت:


١٧- en.wikipedia.org/wiki/adverbial

١٨- en.wikipedia.org/ wiki/ home phone .

١٩- http://salahkayed.arabblogs.com/archive/2009/4/845913.html.